پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەبوبەکر وعومەر نوێژیان بە -خوێندنی- (الحمد لله رب العالمين) دەستپێدەکرد

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەبوبەکر وعومەر نوێژیان بە -خوێندنی- ﴿الحمد لله رب العالمين﴾ دەستپێدەکرد». لە گێڕانەوەی (مسلم) دا ئەم زیادەیە هاتووە: « لە سەرەتای خوێندنی -سورەتی الفاتحة- ولە کۆتاییدا ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾یان نەدەخوێند». ولە گێڕانەوەی (أحمد) و(النسائي) (ابن خزيمة)دا، هاتووە: «﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾یان بە ئاشکرا نەدەخوێند». ولە گێڕانەوەیەکی تری (ابن خزيمة)دا: «بە نهێنی دەیانخوێند».

صەحیحە بە هەموو ڕیوایەتەکانیەوە] [ئیبنو خوزەیمە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم] [هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت-؛ لە سەرەتای نوێژدا ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾یان نەدەخوێند بە ئاشکرایی لە سەرەتای سورەتی -الفاتحة- لە کاتی نوێژدا، ئەمیش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە لە سورەتی -الفاتحة- نییە، ولە گێڕانەوەیەکی تری (إبن خزيمة)دا: بە نهێنی دەیانخوێند. لیژنەی فەتوادان (اللجنة الدائمة للإفتاء) دەڵێن: دروست ئەوەیە کە ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ بەشێک نییە لە سورەتی -الفاتحة- وسورەتەکانی تر، بەڵکو ئایەتێکی سەربەخۆیە لە قورئاندا، وبەشێکە لە ئایەتێک لە ئایەتەکانی سورەتی -النمل-، خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّهُ مِنْ سُلَيْمَانَ وَإِنَّهُ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} [النمل:30] واتە: {کە بێگومان لە سولەیمانەوە (هاتووە) بەڕاستی ئەو (نامە دەست پێدەکات): بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان}، وسونەتە لە پێش خوێندنی هەموو سورەتێک بخوێندرێت، جگە لە سورەتی -التوبة:البراءة- نەبێت، وسونەتە ئەوەیە لە نوێژدا بە نهێنی بخوێندرێت لە پێش خوێندنی سورەتی -الفاتحة-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10911